گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper4

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 15/02/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 26/04/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

# شیکردنەوەی تیرۆر لەبەر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆژییەکاندا

# تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت پارسۆنز بە نمونە

توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**باخان احمد محمد[١] - نجاة محمدفرج[٢]**

najat.faraj@univsul.edu.iq - bakhan.mohammed@univsul.edu.iq

[١+٢]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەشیکردنەوەی تیرۆر لەبەر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆژیەکاندا–توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە لە هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی بەکارهێنانی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنز بەو پێیەی زانستی کۆمەڵناسی گرنگی بە خستنەڕوی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و کردەوەکانیان دەدات چ لەسەر شێوەی گروپ بێت یان کۆمەڵگە. زۆرجاریش وا پێناسە دەکرێت کە بوارێکە بۆ لێ توێژینەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکان و ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدەن. کەواتە چەمکی کردەی کۆمەڵایەتی لەو چەمکە گرنگانەیە کە تیۆری سۆسیۆلۆژی و بیرمەندانی گرنگی زۆریان پێداوە، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا (کە وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرانامە) هەوڵدراوە شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ تیرۆر بکرێت، لەبەر ڕۆشنایی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنز وەک یەکێک لە تیۆرە سۆسیۆلۆژییەکان. بەو پێیەی تیرۆر یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە لە جیهاندا بڵاوەو هۆکاری جۆراوجۆری هەیە ئەویش بەپێی سروشتی ژیانی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت. هەروەها تیرۆر چەمکێکە بۆ هەر کردارێکی توندوتیژی بەکاردێت کە لەلایەن ڕێکخراوێک یان کەسێک یان گروپێکەوە ئەنجام دەدرێت.

مرۆڤایەتیش بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان تیرۆری بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە دیاریبکەین و بەپێی واقیعی کۆمەڵگەکەمان قسەی لەبارەوە بکەین. گرنگترین هۆکارو کاریگەرییەکانیشی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە بخەینەڕو بەسودوەرگرتن لە تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنز، چونکە ئەم تیۆرە خزمەت بە ئامانجە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە دەکات و وامان لێدەکات شیکارییەکی ورد بۆئەو دیاردەیەی باسی لێوە دەکرێت ئەنجام بدەین، چونکە پەیوەندی بە **ئامانجەکانی** توێژینەوەکەوە هەیە کە بریتین لە شیکردنەوەی دیاردەی تیرۆر لە ڕوانگەی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنز وەک یەکێک لە تیۆرە سۆسیۆلۆژییەکان و خستنەڕوی گرنگترین هۆکارو کاریگەرییەکانی تیرۆر.

لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: تیرۆر وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردیدا بەرئەنجامی چەندین فاکتەرو پاڵنەری ناوەکی و دەرەکین لای تاکەکان کە کۆمەڵگە دوچاری شڵەژان و نەمانی ئاسایش و دروستبونی بۆشایی و کەلێن لە بەهاو پێوەرەکان و کردەی کۆمەڵایەتی لای تاکەکان دروست دەکات، و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیستمی کۆمەڵایەتی توشی شڵەژان و دارمان دەکات و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەرکرداری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بە گشتی و تاک بەتایبەتی دەبێت.

**کلیله وشەکان:** تیرۆر، کردەی کۆمەڵایەتی، تیۆری سۆسیۆلۆژی.

## پێشەکی:

تیرۆر یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە لە جیهاندا بڵاوە و هۆکاری جۆراوجۆری هەیە و مانای توندوتیژی و ترس و تۆقاندن دەگرێتەوەو هەمیشە دەرئەنجامێکی نێگەتیڤی هەیە. هەروەها تیرۆر بەکارهێنانێکی بە ئەنقەستی ئەو هۆکار و ئامڕازانەیە کە توانای دروستکردنی مەترسییەکی گشتییان هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی.(حریز،١٩٩٦:٢٦-٢٧).

هەربۆیە پێویستە لە هەرێمی کوردستاندا چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە دیاری بکەین و گرنگترین هۆکارو کاریگەرییەکەشی بخەینەڕو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گرنگییەی زانستی کۆمەڵناسی بخەینەڕو کە بەم دیاردەیەی دەدات، چونکە پەیوەندی هەیە بە ئاسایشی تاک و کۆمەڵگەوە، هەربۆیە کۆمەڵناسی تیرۆر وەک لقێکی کۆمەڵناسی لەم بوارەدا گرنگی پێدەدات و بە وردی لێکدانەوەی بۆ دەکات لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنز شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ دیاردەی تیرۆر دەکەین، چونکە لە ناو تیۆرە سۆسیۆلۆژییەکاندا بونی ئەم تیۆرە لە

شیکاری تیرۆردا گرنگییەکای زۆری بۆ ئەم توێژینەوەیە هەیە، چونکە پاڵپشت بەو تیۆرە باس لە دیاردەکە دەکەین و شیکاری دەکەین.

## یەکەم:ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

**١- کێشەی توێژینەوەکە:** تیرۆر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە و گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، لەناو سۆسیۆلۆژیاشدا تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەندێکیان گرنگییەکی زۆریان پێداوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە پشت بەستن بە دیدگای تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنزو ئەو سەرچاوە زانستییانەی کە بەکارهاتون شیکارێکی تیۆری بۆ تیرۆر بکەین وەک گرفت و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەبارەیەوە بدوێین و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە بخەینەڕو بۆ ئەوەی کێشەی توێژینەوەکە بەدەربخات.

**٢-گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێ گرنگی هەیە لەوانە:

١-ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی دیاردەی تیرۆر لە ڕوانگەی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنز.

٢-گرنگی دەدات بە دەرخستن و شیکارکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر.

٣-گرنگی دەدات بەو کاریگەرییانەی کە دیارەدەی تیرۆر هەیەتی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە.

٤-گرنگی تیۆری هەیە بەو پێیەی توێژینەوەکە تیۆرییە بە پشت بەستن بەسەرچاوە زانستییەکان کە لەسەر دیاردەی تیرۆر هەیە.

**٣-ئامانجی توێژینەوە:**

١- هەوڵدان بۆئەنجامدانی شیکارییەکی تیۆری سەبارەت بە تیرۆر.

٢-هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی دیاردەی تیرۆر بەپێی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنز.

٣-هەوڵدان بۆ خستنەڕوی گرنگترین هۆکار و کاریگەرییەکانی تیرۆر.

**٤-میتۆدی توێژینەوەکە:** مەبەست لە دیاریکردنی چوارچێوەی میتۆدی بۆ توێژینەوە زانستییەکان کێشانی چوارچێوەیەکی زانستیانەیە بۆ بابەتی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرەوە، بەمەبەستی تیگەیشتن و گەڕانی زیاتر بە دوای ئەو ڕاستییانەی کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.(حسن،١٩٨٢: ٢٠٤) واتە میتۆد

شیکردنەوەیەکی ڕێکخراوە بۆ بنەماو پرۆسە عەقڵی و ئەزمونگەرییەکان لە توێژینەوە زانستییەکاندا لە پێناو بەدەستهێنانی ئەنجامی زانستیدا. (العسکری،٢٠٠٤: ١)، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکمان بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی تیرۆر بەو پێیەی توێژینەوەکە تیۆرییە. بەکارهێنانی ئەم میتۆدە پێویستییەکی زانستی و ئەکادیمییە بۆ بابەتی توێژینەوەکە.

## دوەم: پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

### ١-تیرۆر:

پێناسەی الجاسور: بەهەر کردەوەو ئامڕازێک دەوترێت کە هێزی مادی و دەرونی تێدا بەکاربهێندرێت بۆ دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە دڵی کەسانی مەدەنی و بێ تاواندا بە ئامانجی بەدیهێنانی مەبەستێکی سیاسی یان هەر مەبەستێکی دیکە. (الجاسور،٢٠٠٨: ٧٧).

پێناسەی صبور: بریتییە لە کردەوەیەکی مەبەستدار و کوشتنی ڕێکخراو و هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی بێتاوان و دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە دڵی خەڵکدا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسیدا.(صبور،٢٠٠٦: ٨)

پێناسەی ڕێکاری بۆ تیرۆر: بە هەر کردەوەو ڕەفتارێک دەوترێت کە هەوڵی دروستکردنی ترس و تۆقاندن بدات، لە ئەنجامدا مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ دروست بکات.

### ٢-کردەی کۆمەڵایەتی:

پێناسەی دورون و بارو: هەمو کردەوەیەک دەگرێتەوە کە جەستەیەکی دیاریکراو پێی هەڵدەستێت ئاسەوارێک بەجێدەهێڵێت لەسەر جەستە و ژینگەی کۆمەڵایەتی.(دورون و بارو،١٩٩١: ٣٧)

پێناسەی ستر: مەبەست لێی هەر جوڵەیەکی جەستەییە، یان کردەیەکە کە تاک پێی هەڵدەستێت و ئەنجامی دەدات بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی ناوەکی یان دەرەکی و کردەش بۆ خۆی ڕەفتارێکی مەبەستگەرایانەیە بەهۆی ئارەزو و بیروباوەڕەکانەوە ڕودەدەن کە تاک هەڵگریەتی.(ستر،٢٠١٢: ٢٦٧)

پێناسەی ڕیکاری بۆ کردەی کۆمەڵایەتی: بریتییە لەو هەڵسوکەوتانەی کە تاکێک پێی هەڵدەستێت بەشێوەیەکی مەبەستگەرایانە یان لە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەی کە تیایدایەتی ئەمەش لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە جیاوازە.

### ٣-تیۆری سۆسیۆلۆژی:

پێناسەی کینکوتش: کۆمەڵێک پرسی پێکەوە بەستراون کە بەشێوەیەکی لۆژیکانە ڕێکخراوە بە مەبەستی شیکردنەوەی دیاردەکانی کۆمەڵگەو سیستم و کێشەکانی.(کینکوتش ١٩٩٠: ٢١)

پێناسەی زێباری: بریتییە لە کۆمەڵە چەمکێکی پەیوەست  بە شێوەیەکی گونجاو کە بابەتەکانی گرنگیدەدەن بە شیکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە تێبینی دەکرێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو. (زێباری،٢٠١٢: ١٦).

پێناسەی ڕێکاری بۆ تیۆری سۆسیۆلۆژی: کۆمەڵە گشتاندنێکە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ڕاڤە و شیکاری دیاردەو کێشەکانی کۆمەڵەی پێبکرێت.

### سێیەم: شیکردنەوەی تیرۆر لەژێر ڕۆشنایی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت پارسۆنز:

تیۆری کرداری کۆمەڵایەتی لە چەند گریمانەیەک پێکهاتوە، کە چۆنیەتی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی کرداری کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە ڕوندەکاتەوە بەپێی ئەو هەڵوێست و بارودۆخەی تێیدەکەون. (عمر، بدون سنة: ١٦٦) واتە ئەم تیۆرە ڕاڤەی ڕەفتارو کردارەکانی تاک دەکات لە چەند هەڵوێستێکی جیاوازدا. کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین، کرداری کۆمەڵایەتی هەر کردەوەو جوڵەو ڕەفتارێکە کە تاک پێی هەڵدەستێت. دەکرێت هۆکارەکەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە یان ئەو بارودۆخە بێت کە تیایدا دەژیت. هەر کردارێکی کۆمەڵایەتیش پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێت کە ئەوانیش بریتین لە:

١-بونی دو کەس یان زیاتر کە پێکەوە کارلێک دەکەن و کردارێک یاخود ڕەفتارێک دروست دەکەن.

٢-بونی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی یەکسان، یان جیاواز کە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕن و هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارەکانیان.

٣-بونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە پێویستە بۆ پرۆسەی کرداری کۆمەڵایەتی.(الحسن،٢٠٠٥: ٦٥-٧٧)

هەروەکو ئاشکراشە هەر ڕەفتارو کردارێکی کۆمەڵایەتی کە ئەنجام دەدرێت هۆکار و ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە هەر مرۆڤێک یان بکەرێکی کۆمەڵایەتی کاتێک کردارێک ئەنجام دەدات ئامانجێکی هەیە، بەواتایەکی تر ئەو کردارانەی کە دەیکات بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکەیەتی، زۆربەی کاتیش کرداری کۆمەڵایەتی هەڵبژێردراو پێکدێت لەو هۆکارەی کە مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئامانجەکەی لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێکجار ئەو هۆکارانەی کە بکەری کۆمەڵایەتی بەکاریدەهێنێت نەیگەیەنێتە ئامانجەکەی، هەربۆیە پێویستە

لەسەر بکەری کۆمەڵایەتی کە تێبینی ئەو هۆکارانە بکات کە دەیگەیەنێتە ئامانجەکەی، هەروەها شیکردنەوەو ڕاڤەیان بۆ بکات. ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە زۆربەی کات بکەری کۆمەڵایەتی ئامانجی زۆرەو پێویستە بەدواداچون بۆ کردارەکانی بکات کە ئەنجامی دەدات، هەروەها بەدواداچون بۆ ئامانجەکان و هەڵبژاردنی هۆکارەکان هەمیشە لە ڕێگەی ئەو هەڵوێستانەوە ڕودەدات کە کاریگەری لەسەر بەرنامەی کرداری کۆمەڵایەتی هەیە، هەر بکەرێکی کۆمەڵایەتیش هزرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی تایبەت بە خۆی هەیە، یان نمونەیەکی دیاریکراوی لەزانیاری تایبەت بە خۆی هەیە، کە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، ئەمە جگەلەوەی هەر بکەرێکی کۆمەڵایەتی هەست و سۆزێکی دیاریکراوی هەیە، کە کاریگەری لەسەر هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵبژاردنی ئامانجەکانی هەیە، هەمو بکەرێکی کۆمەڵایەتی هەندێک پێوەرو بەهای تایبەت بە خۆی هەیە کە کاریگەری دەکاتە سەر هەڵبژاردنی ئامانجەکانی و ڕادەی پەیوەستی پێوەیان. کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین هەمو کردارێکی کۆمەڵایەتی کاتێک ئاڕاستە دەکرێت بۆ مەبەستی گەیشتنە بە ئامانجێک، هەروەها تاک دەتوانێت گفتوگۆ لەسەر ئەو ئامانجە بکات کە وای لێدەکات هەستێت بە ئانجامدانی کردارێکی کۆمەڵایەتی. (عمر،٢٠٠٥: ١٦٦-١٦٧) بەڵام بەواتایەکی تر ئەگەر ئامانج دیارینەکرێت و هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش دیارینەکرێت ئەوا گرانە مرۆڤ بتوانێت بگاتە ئامانجەکەی و جێبەجێیبکات. بەپێچەوانەشەوە تاک کاتێک کردارێک یان ڕەفتارێک ئەنجام دەدات، ئامانجەکانی دیاریدەکات و هۆکارەکانیشی دیاریدەکات. (عبدالجواد،٢٠٠٢: ١٨٤-١٨٥) بۆ نمونە ئەو کەسانەی کە دەزانن بۆ چ مەبەستێک تیرۆر دەکەن و ئامانجیان لەو تیرۆرە چیەو تەنانەت هۆکارەکانی گەیشتن بە ئامانجەکەشیان دیاریدەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت بارسۆنز چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە پێکدەهێنێت کە تیایدا دیدو تێڕوانی ئەم کۆمەڵناسە خراوەتەرو کە پەیوەستە بە توێژینەوەکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ناکرێت لە هیچ دیاردەیەک تیبگەین بەبێ تیگەیشتن و پشت بەستن بە تیۆرە زانستییەکان کە (سروشت و قەبارەو هۆکارو کاریگەرییەکانی) دیاردەکە ڕون دەکەنەوە بە لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیاردەکەو ماوەی کات بۆی هەروەها خستنەڕوی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر ڕودانی ئەو دیاردەیە هەیە.

تالکۆت بارسۆنز یەکێکە لە بیرمەندەکانی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لە ساڵی (١٩٠٢) لە هەرێمی کۆلورادوی ئەمریکی لە شاری کۆلورادو سیرینک لەدایکبوە، لە خێزانێکی ئاینپەروەرو ڕۆشنبیرییەکی بەرز، ژیانی

دەستپێکردوە. لە کارە گرنگەکانی (بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی، تیۆری کۆمەڵناسی، بونیادی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی، سیستمی کۆمەڵگە تازەکان) هەرچەندە بارسۆنز لە ئەمریکا لە دایکبوە، بەڵام بەڕادەیەکی زۆر کەوتبوە ژێر کاریگەری زاناو بڕیاردەرە کۆمەڵناسەکانی بەریتانیا تەنانەت لە کاتی ژیانیدا لە ئەڵمانیا توانی کتێبەکەی (ماکس ڤیبەر) بە ناونیشانی (ئەخلاقی پرۆتستانتی و رۆحی سەرمایەداری) وەربگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. هەروەها بارسۆنز کەوتبوە ژێر کاریگەری تیۆری وەزیفەگەرایی (مالینۆفسکیەوە) لە ئەنثرۆپۆلۆژیاداو توانی سودێکی زۆر وەربگرێت بۆ تیۆری بونیادی وەزیفی و کردەی کۆمەڵایەتی و سیستمی کۆمەڵایەتی، هەروەها کەوتبوە ژێر کاریگەری بیروڕای ئابوریناسی کلاسیکی (ئەلفرێد مارشال) و زانای دەروونناسی (ل.هندرسون) و نوسینەکانی ماکس ڤیبەر، دۆرکایم، فلفریدۆ باریتۆ. لێرەدا تیۆرو بیروڕاکانی ئەم زانایانە کاریگەرییەکی زۆر تایبەتیان هەبو لە فۆرمەلەکردنی بیروڕاو تێڕوانینەکانی (بارسۆنز)دا. لەساڵی (١٩٧٩) کۆچی دوای کردوە. (زێباری،٢٠١٢: ٤٩-٥٠) هەروەها بارسۆنز لە چلەکانی سەدەی ڕابردوەوە ڕۆڵی سەرەکی هەبوە لە توێژینەوەکردنی سیستم و ڕێکخستنی سیستمەکان و ستایلێکی پێشکەشکردوە بۆ هاوسەنگی نێوان سیستمەکان.(احمد،٢٠٠٤: ١٠٦).

ئەمە جگە لەوەی سەردەمی تالکۆت بارسۆنز سەردەمی دوای جەنگی جیهانی بو، لەسەروبەندی چەندین قەیرانی گەورەی جیهانیدا تیۆرەکەی خۆی دارشت لەوانەش (جەنگی جیهانی یەکەم، سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسی و سەرکەوتن و گەشەکردنی نازیزم لە ئەڵمانیاو فاشیزم لە ئیتاڵیا، قەیرانی ئابوری جیهانی کە ئەم قەیرانە بوە هۆی دروستکردنی چەندین کێشەو گرفتی گەورەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا. بۆ دەرچون لەم قەیران و گرفتانەی سستم بارسۆنز پشت بە چارەسەرێکی نۆرمگەرایانە دەبەستێت و جەخت لەسەر پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون و گرنگی نۆرم و بەهاکان دەکاتەوە لە ئاڕاستەکردنی کردەی کۆمەڵایەتی لای تاکەکان. (زاید،١٩٨٣: ١٠٤).

کەواتە ئەگەر کێشەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی ئەو هەوڵ و کردارانە بێت، کە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەیدەن بێ ڕەچاوکردنی ئەوانی دیکەو ئەگەر چارەسەر لای هۆبز لەهێزو دەسەڵاتدابیت بۆ ڕێگەگرتن لەو ڕەفتارە دوژمنکارانەی مرۆڤ، کە مەترسی لەسەر ئەوانی تر هەیە و دواجاریش مەترسی لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەوا لەلای بارسۆنز چارەسەر بۆ ئەو کێشانە زیاتر ئاستێکی بەهایانەی هەیە و زیاتر جەخت لەسەر پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون و گرنگی نۆرم و بەهاکان دەکاتەوە لە دیاریکردن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتار و کرداری کۆمەڵایەتی تاکەکاندا. هەر لێرەوە هەوڵ و کۆششەکانی ئەم بیرمەندە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی کرداری کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات و لە ڕێگەی گەڕانەوە

بـۆ هـزری بیرمەنـدانی پـێش خـۆی بەتـایبەت (مـاکس ڤێبـرو ئەمیـل دۆرکـایم و فلفریـدۆ بـاریتۆ) دەسـت دەکـات بەبنیادنـانی تیـۆرێکی تـایبەت بەخـۆی و لە کتێبـی (سیسـتەمی بونیـادی کـۆمەڵایەتی) دا و بەمەبەسـتی گەشـەپێدانی (تیـۆری ویسـتمەندانەی کـردار) دەسـت دەکـات بە ڕاڤەکردنـی سروشـتی کـرداری کـۆمەڵایەتی و ئەو ئاسـتە جیاجیایـانەی ئەم کـردارەی لـێ پێکهـاتوە. مەبەسـتیش لە چەمکـی ویسـتمەندانە (voluntaristic) هەر ئاڕاسـتەو دنیـابینییەکی هـزرییە کە دەرکەوتەکـانی بون بۆ ئیرادەی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە. (فرج،٢٠١٣: ١٠٣-١٠٤).

لە تێڕوانینـی بارسـۆنزدا هەر کردارێکـی کـۆمەڵایەتی کە مـرۆڤ ئەنجـامی دەدات لە چەنـد ئاستیک پێکدێت، واتە ئاستەکانی کرداری بەم شێوەیە دیاریکردوە:

١. بکەرێک کە توانای هەڵبژاردنی هەیە.

٢.مەبەست یان ئامانجێکی دیاریکراو لەلایەن بکەرەوە.

٣.هەڵوێسـتێک کە بـکەری تێـدەکەوێت. واتە کەوتـنە نـاو دو هەڵوێسـتی جیـاوازەوە، کە یەکێکیـان توانـای کـۆنترۆڵکردنی نیـیە و ئەویتریـان خـۆت بە ئیـرادەی خـۆت کـۆنترۆڵی دەکەیـت. (عبدالکریم،١٩٨٢: ١٠٥-١٠٨).

٤.ئاڕاسـتەکردنی کـردار لەژێـر کـاریگەری بەهاکانـدا، واتە هەرکـام لەو کـردارانەی پێشـتر باسـکران جۆرێـک لە ڕێکخسـتنی تێـدایە، کە بە هەڕەمەکـی ڕونـادات بەڵکـو لەژێـر کـاریگەری بەهاکانـدایە و ئەم ئاسـتانەی کـرداریش جـارێکی تـر دابەشـدەبنەوە بەسـەر پـاڵنەرو بەهاکانـدا، واتە ئەمـانە تـا چەنـد دەتـوانن ڕۆڵیـان هەبێـت لە ڕێکخسـتنی کـرداری کۆمەڵایەتیـدا، پاڵنەرەکـانیش مەبەسـت لێـی درک پێکـردن و هەڵچـون و هەڵسـەنگاندن دەگـرێتەوەو بەهاکـانیش پەیوەنـدی بە ئاسـتە مەعریفـی و بەهـا ڕەوشتیەکانەوە هەیە، کە لەدنیای بکەرە کۆمەڵایەتییەکاندا ئیش دەکات. (روشیە،١٩٨١: ٦٤).

کەواتە لەبەر ڕۆشـنایی ئەم چەنـد خـاڵەدا دەبینـین، کە هەر بکەرێـک لە ناوەنـدێکی کۆمەڵایەتییـدا توانـای هەڵبژاردنـی هەیە، بەواتـایەکی تـر هەر کردارێـک کە مـرۆڤ دەیکـات مەبەسـت و ئامـانجێکی لە پشـتەوەیە، واتە هـیچ کردارێـک نیـیە بەبـێ مەبەسـت و ئامـانجێکی دیـاریکراو ئەمەش پەیوەنـدی بەو ناوەنـدەوە هەیە، کە کـردارەکەی تیـادا ئەنجـام دەدرێـت و ئەو ئامانجـانەش چیـیە، کە ئەو کـردارە دەجـوڵێنن، هەروەهـا مەبەسـتیش لە هەڵویسـت ئەو هەڵویسـت و بـارودۆخەیە کە مرۆڤـی تێـدەکەوێت، زۆرجـار مـرۆڤ لەو هەڵوێسـتەدا دەکەوێـتە نـاو پرۆسـەی هەڵبژاردنـی کـردارەوە واتە

زۆرجــار مــرۆڤ دەکەوێــتە نــاو هەڵوێســتێکی دولایەنەوە، لە یەکەمیانــدا دەکەوێــتە ژێــر کــاریگەری زەبــروزەنگە کلتــوری و کۆمەڵایەتییەکــان کە پــێش وەخــت بــۆی ئامــادەکراوەو ناچــارە پێــوەی پەیوەســت بێــت، واتە توانســتی هەڵبژاردنــی ئــازادانەی نیــیە لە هەڵبژاردنــی کردارەکانیــدا، بەڵام لە دوەمیانــدا تەواو پــێچەوانەیەو ئاســتی چــوارەمیش ئاســتی بەهایــانەی کــردارە کە تیایــدا کردارەکــانی مــرۆڤ دەکەوێــتە ژێــر کــاریگەری بەهاکــانەوەو جۆرێــک لە ڕێکخســتنی تێــدا بەدیــدەکرێت. لەگەڵ هەمــو ئەمانەشــدا بارســۆنز بەردەوام پێــداگیری لەســەر توانســتی بــکەری کــۆمەڵایەتی و ئیــرادەو ویســتی بــکەرە کۆمەڵایەتییەکــان کــردۆتەوە لە پرۆســەی هەوڵــدان بــۆ گەیشــتن بە ئامانجەکانیــان، بەبــڕوای (جۆناثــان تیــرنەر)ی کۆمەڵناســی ئەمریکــی لەکتێبەکەیــدا بەنــاوی (بنــاء نظریــة فــی علــم الاجتمــاع) بــاس لە مەبەســتی بارســۆنز دەکــات لە کــرداری ویســتمەندانەو پێیــوایە مەبەســتی بارسۆنز لە کرداری ویستمەندانە ئەمانەی خوارەوەیە:

١.بونی تاکەکەس، واتە بکەر.

٢.ئەم تاکەکەسە، یان بکەرە چەند ئامانجێک بۆ خۆی دیاری دەکات.

٣.بــونی کۆمەڵێــک هۆکــار لەبەردەم ئەم بــکەرەدا. واتە ئەم بــکەرە کۆمەڵێــک هۆکــاری لەبەردەستدایە کە دەیەوێت لە ڕێگەیەوە بگاتە ئامانجەکەی.

٤.بکەرێــک ڕوبەڕوی بــارودۆخێکی دەرەکــی دەبێــتەوە، لەوانەیە (ژینــگەی بــایۆلۆجی، بۆمــاوە، هۆکــاری زۆرلێکــردن، قەهــری کــۆمەڵایەتی کە لە ژینــگەی کــۆمەڵایەتییەوە ســەرچاوەدەگرن) و هەمو ئەمانە کاردەکەنە سەر سروشتی هەڵبژاردنی هۆکارەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

٥.بــونی کۆمەڵێــک بەهــاو پێــوەر کە کاردەکــاتە ســەر ڕەفتــار و کردارەکــانی مــرۆڤ و هەروەهــا ئەو هۆکارانەی کە دەیگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

٦.کــردار پەیوەســتە بە هەبــونی کەســی بــکەرەوە، واتە ئەو کەســە کۆمەڵێــک بڕیــار دەدات پەیوەســت بەو هۆکارو ئامڕازانەی کە دەیگەیەنێت بە ئامانجەکان. (تیرنر،٢٠٠٠: ٥٢).

واتە زۆربەی کــات ئەو بڕیــارانەی کە مــرۆڤ دەیــدات لەژێــر کــاریگەری ئەو ئــامڕاز و ئامانجــانەیە کە دەیەوێــت پێیبگــات، چــونکە هەمــو کەســێک لەژیانیــدا کۆمەڵێــک ئامــانجی هەیە، هەر کاتێــک ئامــانج نەبــو، مــرۆڤ توشــی جۆرێــک لە پەشــێوی و سەرلێشــێوان دەبێــت و نــامۆبون دروســت دەبێــت و خۆشــی نازانێــت بەرەو کــوێی دەبــات، چــونکە مــرۆڤ بــونەوەرێکی عەقڵانیــیە لە تێڕوانینــی

بارسۆنزدا، بۆیە لەنێوان ئامانجەكانیدا هەڵاویێردی دەكات. واتە كۆمەڵێك ئامانج هەیە كە ئەگەری جێبەجێبونی زیاترە تا كۆمەڵێكی تر، واتە مرۆڤ لەناو ئەو ناوەندە كۆمەڵایەتییەی كە تێیدا دەژێت هەڵبژاردن دەكات لەنێوان ئەو ئامانجانەی كە ئێستا دەتوانێت بەدیبهێنێت لەگەڵ ئەوانەی كە ناتوانێت یان ڕەنگە لەماوەیەكی دورتردا بتوانێت بەدیبهێنێت. واتە هەڵبژاردنی ئامانج زۆركات پەیوەستە بەو ناوەندە كۆمەڵایەتییەی كە مرۆڤ تێیدا دەژێت، واتە ئێمە هەمو كات بەشێوەیەكی ویستمەندانە ڕەفتار و كردارەكانمان ئاڕاستەناكەین، بەڵكو زۆرجار دەكەوینە ژێر كاریگەری ئەو ناوەندە كۆمەڵایەتییەی كە تێیدا دەژین.

به بڕوای بارسۆنز ئەو ڕەفتار و كردارەی كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات هەرەمەكی نییە، بەڵكو لەناو ناوەندی كۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەكی ڕێكخراو ئەنجام دەدرێت، هەر لەناو ئەو ناوەندە كۆمەڵایەتییەشدا سێ لقی سەرەكی سیستمی ڕێكخستوە كە ئەوانیش (سیستمی كۆمەڵایەتی، سیستمی كەسێتی، سیستمی كلتوری) كە كاریگەرییان لەسەر سروشت و ڕێكخستنی كرداری كۆمەڵایەتی هەیە و هەر یەكێكیش لەم سیستمانە لە چەند ئاستێكی تر پێكهاتوە بەم شێوەیەی خوارەوە: (فرج،٢٠١٣: ١٠٥).

## یەكەم: سیستمی كۆمەڵایەتی

لەتێڕوانینی بارسۆنزدا سیستمی كۆمەڵایەتی لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١.ئەو كارلیكەی لەنێوان دو كەس یان زیاتردا ڕودەدات.

٢.هەڵوێستی هەریەك لەو ئەكتەرانە بەرامبەر بە ئەوی تر.

٣.كۆمەڵێك نۆڕم و بەها كە پەیوەندی وكارلێكی نێوان مرۆڤەكان ڕێك دەخات. (عبد السلام،١٩٨٦: ٥٧-٦٢).

سیستمی كۆمەڵایەتی كۆمەڵێك بكەری تاكن كە لەگەڵ یەكتریدا كارلێك دەكەن، یان تۆڕێكی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە. خاڵی جەوهەری لە سیستمی كۆمەڵایەتیدا هەیە ئەویش ئاڕاستەكردنی كارلێكی تاكەكانە كە حەزی تاكەكانی ئەندامی سیستم بۆ تێركردنی پێداویستییەكانە بە باشترین شێوە دەردەكەوێت. (زێباری،٢٠١٢: ٥٣).

كەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین سیستمی كۆمەڵایەتی هەمو ئەو كارلێكانە دەگرێتەوە كە لەنێوان مرۆڤەكاندا ڕودەدەن، بەو مانایەی كارلێكی كۆمەڵایەتی و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە بنەما

سـەرەکیەکانی هەر کۆمەڵناسـێکە، ئەوەی کـایەی کۆمەڵناسـی لە کایەکـانی تـر جیادەکـاتەوە ئەوەیە کە جەخـت لەسـەر پەیوەنـدی کـۆمەلایەتی و کـارلێکی کـۆمەلایەتی دەکـاتەوە، ئەم سیسـتمە بەتەنهـا لەژێـر کـاریگەری ئەو کـارلێکەدا نیـیە، بەڵکـو هەلوێسـتی هەریەکەیـان لە بەرامـبەر ئەویتـر هەیـانەو ئەمەش برێکـی زۆری بەسـتراوەتەوە بەو وێنـاکردنەی کە هەریەک لە ئـێمە بـۆ ئەویتـر هەمـانە، ئەمەش زیـاتر تەمـاهی دەکـات لەگەڵ تیـۆری کـارلێکی هێمایـدا، واتە وێنـاکردنی مـن بۆتـۆ لە چـاوی خـۆمەوەو تـۆ بـۆمن لە چـاوی خـۆتەوە، ئەوەشـی سروشـتی ئەم کـارلێکە دیـاری دەکـات کۆمەڵێـک نـۆرم و بەهـایە کە کۆمەڵگـا بڕیـاری لەسـەر داوە. کەواتە لەکـۆی ئەمەوە دەتـوانین بڵێـین کە ڕۆڵ و پـێگەی هەر یەک لەئـێمە لەبەر ڕۆشـنایی ئەو سیسـتمە دیـاریکراوە یـان ڕۆڵ و پـێگە بەستراوەتەوە بە سیستمەکەوە نەک بە تاکەکەسەوە.

## دووەم: سیستمی کەسێتی

ئەم سیستمەش پێکهاتوە لە:

١.تۆڕێکی ئاڵۆزی بەیەکداچوی کردار.

٢.ڕێکخستنی کرداری بکەرەکان لەڕوانگەی پێداویستییەکانەوە.

٣.ئەو کـردارەی لەلایەن بکەرەکـانەوە ئەنجـام دەدرێـت بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی نیـیە، بەڵکـو لەلایەن دامەزراوەکانەوە ڕێکخراوە. (فرج،٢٠١٣: ١٠٦)

کەواتە لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێـت ئەگەر لە سیسـتمی کۆمەلایەتییـدا زیـاتر جەخـت لەسـەر پەیوەنـدی و کارلێـک بێـت، ئەوا لە سیسـتمی کەسـێتیدا زیـاتر جەخـت لەسـەر سروشـتی کـردارە کۆمەلایەتییەکـانە، واتە ئایـا ئەو کـردارە کـۆمەلایەتییەی کە ئـێمە ئەنجـامی دەدەیـن لەژێـر کـاریگەری چیـدایە؟ ئەو ئامـانجەی ئـیمە دەمانەوێـت چـین؟ تاچەنـد لەگەڵ ئەو ناوەنـدە کـۆمەلایەتییە دایە دەگونجێـت کە کـردارەکەی تیـادا ئەنجـام دەدرێـت؟ هەریەک لەو کـردارانەش لەسـۆنگەی پێداویسـتییەکانەوە سـەرچاوەیان گرتـوە. لێـرەدا بارسـۆنز جەختـی لەسـەر هەردو ئاسـتی پێداویسـتییەکەیە، واتە گـۆڕاوە کـۆمەلایەتی و گـۆڕاوە سـایکۆلۆجییەکان کە کاریگەرییـان لەسـەر سیسـتمی کەسـێتی هەیە. سروشـتی پێداویسـتییەکان هەرچـی بێـت تـاڕادەیەکی زۆر بەسـتراوەتەوە بەو ناوەنـدە کـۆمەلایەتییەی کە کـردارەکەی تیـادا ئەنجـام دەدرێـت، هەروەهـا مەبەسـت لە کـرداری دامەزراوەیـی ئەوەیە کە ئەم کـردارانە جۆرێـک لە ڕێکخسـتنیان پێـوەیە و شـێوازێکی

دامەزراوەییـــان هەیە، واتە کاتێـــک باســـی دامەزراوە دەکەیـــن بەتەنهـــا بـــاس لەبونیـــادی دامەزراوەیـــی نـــاکەین، بەڵکـــو بـــاس لە شـــێوازەکانی ڕەفتـــاری کـــۆمەڵایەتی دەکەیـــن، کە تـــاکو ڕادەیەکـــی زۆر کـــاریگەری هەیە لەســـەر سروشـــتی کـــردارە کۆمەڵایەتییەکـــانی ئـــێمە لەبەر ڕۆشـــنایی سیســـتمی کەسێتی ئێمەدا.

## سێیەم: سیستمی کلتوری

سیستمی کلتوری پێکهاتوە لە:

١.سیســتمی کلتــوری لەو بەهــاو پێــوەرو ئامــاژانەوە دروســتبوە کە ســنورێک بــۆ سروشــتی کــارلێکی نێــوان مرۆڤەکــان دادەنێــت، واتە بە تەنهــا لەڕێگــای کــارلێکی نێــوان تاکەکــان و ڕێکخســتنی کــرداری بکەرەکان دروست نابێت.

٢.سیســـــتمی کلتـــوری سروشـــتی پەتیبـــونی هەیە، واتە وەکـــو سســـــتمی کـــۆمەڵایەتی و سســـــتمی کەسیتی سروشتێکی ئیمپریکی نییە.


٣–لەم سیســـتمەدا کۆمەڵێـــک یاســـاو ڕێســـایی نـــۆرمگەرایی و کـــۆمەڵە ڕەگەزێکـــی کلتـــوری هەیە کە هەڵبژاردنی تاکەکان ئاڕاستە دەکەن (فرج،٢٠١٣: ١٠٧).

کەواتە لەم سســـــتمەدا جەخـــــت لەســـــەر ســـــنوری کردارەکـــــان دەگـــــرێتەوە، واتە ئەو کـــــردارە کـــۆمەڵایەتییەی کە ئـــێمە ئانجـــامی دەدەیـــن لەلایەن سیســـتمی کلتـــورییەوە بڕێکـــی زۆری دیـــاری دەکرێـــت، پەیوەنـــدییەکانیش ســـنوردارن و بنەمـــای نـــۆرم و بەهاکـــان لەنـــاو کـــۆمەڵگەدا لە سســـتمی کلتـــــورییەوە ســـــەرچاوە دەگرێـــــت، ئەو ڕەگەزە کلتوریـــــانەی کە هەر کلتـــــورێکی دیـــــاریکراوی لێدروست بوە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر سروشتی هەڵبژاردنی بکەرەکان هەیە.

هەروەهـــا پێویســـتە ئامـــاژە بەوەش بـــدەین کە لە تێڕوانینـــی بارســـۆنزدا سیســـتمی کلتـــوری سســـتمێکی ڕەمـــزییە جەختـــی زۆری لەســـەر ڕەهەنـــدی ڕەمـــزی کـــردۆتەوە، بە واتـــای ئەوەی کە ئەم نـــۆرم و بەهایـــــانەی کە تـــــاڕادەیەکی زۆر کاریگەرییـــــان لەســـــەر سروشـــــتی هەڵبـــــژاردن هەیە ئەوا کاریگەریشـــیان لەســـەر بکەرەکـــان و سروشـــتی پەیوەنـــدییەکان هەیە، بەواتـــای ئەوەی کە پەیوەنـــدی بەهێـــز لە نێـــوان کـــرداری کـــۆمەڵایەتی تاکەکـــان و نـــۆرم و بەهاکانـــدا هەیە، کە سروشـــتی ڕەفتـــار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بەرامبەر بە یەکتری دیاریدەکات.(عبدالسلام،١٩٨٦: ٦٩).

هەروەهــا بارســۆنز لە قۆناغەکــانی دواتــردا بە مەبەســتی زیــاتر چەســپاندنی تیــۆرەکەی سســتمێکی دیــکەی بــۆ ئەم ســێ سســتمە زیــادکرد، ئەویــش سســتمی ئۆرگــانییە، کە لە کتێبــی (سســتمی کــۆمەڵایەتی)دا ئامــاژەی پێکــردووەو جەخــت لەســەر سیســتمی ئۆرگــانی دەکــاتەوەو دەیەوێــت تیــۆرەکەی دەوڵەمەنــدتر بکــات، پێــی وایە ئەم سســتمە لە کۆمەڵێــک ڕەگەز پێکهــاتوە لە گــۆڕاوە بایۆلۆجی و فیزیکییەکان وەکو پاڵنەرو غەریزەکان.(فرج،٢٠١٣: ١٠٨).

واتە هەریەکە لە پــاڵنەرو غەریزەکــان کــاریگەری زۆریــان لەســەر دیــاریکردنی کــرداری کــۆمەڵایەتی هەیە و ئەم سســتمە دەکەوێــتە ژێــر کــاریگەری بۆمــاوەو فیــزیکەوە، واتە سســتمی ئۆرگــانی لە فیزیــک و بۆمــاوەوە ســەرچاوەی گرتــوە، لە کاتێکــدا سســتمی کەســێتی لە کلتــورەوە ســەرچاوەی گرتــوە. کــۆی ئەم سســتمانەش کاریگەرییــان لەســەر ڕەفتــارو کردارەکــانی مــرۆڤ هەیە، بەجۆرێــک کردارو ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەبەر ڕۆشنایی ئەو سستمانەدا ئاڕاستە دەکرێت.




**شێوەی ژمارە (١)**

**هێڵکاری تیۆری ئارەزومەندانەی کردار لای بارسۆنز(عمر،٢٠٠٩: ١٥١).**

بەپێی ئەم هیڵکارییە بارسۆنز پێیوایە تاک ئامانجیکی هەیە و بەردەوام هۆکارو ئامرازی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەکاردەهێنێت، ئەم ئامرازو هۆکارانەش دەکەونە ژێر کاریگەری بارودۆخ و هەلومەرجەکانەوە. هەروەها ڕەفتاری تاک ملکەچی بەهاو یاساو هزرەکانی دەبێت و یارمەتی دەدات لە درککردن بە ئامانجەکانی و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی، کەواتە ڕەفتاری تاک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بە شێوەیەکی هەرەمەکی ڕونادات، بەڵکو ملکەچی ئاڕاستەکار و ڕێکخەری کۆمەڵایەتی دەبێت وەک یاسا و بەهاو هزرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە، هەروەها بارسۆنز ئەو ڕێگایانەش دیاریدەکات کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەگات بە ئامانجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەستەبەریان دەکات. وەک لە هێڵکارییەکەدا دیارە.(عمر،٢٠٠٩: ١٥١)

کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین کە بکەران و ئەنجامدەرانی تیرۆر لە داڕشتنی پلان و لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی کردارەکانی تیرۆردا گرنگترین شت کە پێی هەڵدەستن بریتییە لە دیاریکردنی ئامانجەکانیان بۆ کردەی تیرۆری و هەوڵدانیان بۆ پێکانی ئەم ئامانجانە و ئاڕاستەکردنی بکەرەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانج و هەلوێستانە، ئەم ئاڕاستەکردنانەش بەشیکی زۆری ئاڕاستەکردنێکی پاڵنەرانەیە کە لە ڕێگەی ژمارەیەکی زۆری فەتواوە ئامادەکاری بۆ کراوەو لە ڕێگەی باوترین ڕێبازی سەلەفی جیهادی کە ڕێبازێکی ئیسلامی سیاسی سونەیە کە ئەم ڕێبازە چەندین کەسایەتی و تاقم و گروپ و ڕێکخراوی تیرۆرکاری پیگەیاندوە لە نمونەی ڕێکخراوی قاعیدەو لقەکانی لە جیهاندا ئەنسارو ئیسلام لە کوردستاندا و چەندین گروپ و ڕێکخراوی تیرۆرکاری لە عێراق و جیهاندا.

کەهەریەکێک لەمانە بەبەکارهینانی چەندین هۆکارو ڕێگای جۆراوجۆر لە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکەدا زۆرترین زیانی گیانی و قوربانی و مەتریاڵی و تێکدانی گەورەو هەژێنەرو کاریگەرییان دروستکردوە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە بەبێ گوێدانە تیاچونی منداڵ و ژن و پیرو هاوولاتی مەدەنی کە بونەتە قوربانی کردەی تیرۆرستی.هەروەها لە تێڕوانینی بارسۆنزدا هەر کردارێکی کۆمەڵایەتی کە تاک ئەنجامی دەدات هەڕەمەکی نییە، بەڵکو ڕیکخراوەو لە ناو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجامی دەدات، لە هەر ناوەندیکیشدا سێ جۆر سستەم هەیە کە ئەو کردارانە ڕێکدەخات، ئەوانیش سستمی کۆمەڵایەتی و سستمی کەسێتی وسستمی کلتورییە کە ئاماژەمان پێدا.

## چوارەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی تیرۆر بریتین لە:

## ١.هۆکاری ئابوری:

خراپی بارودۆخی ئابوری کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەندین کێشەو گرفت لەوانە دەستنەکەوتنی هەلی کارو بێکاری، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبونی بڕوابەخۆنەبون، بێزاریان لە ژیان و کۆمەڵگە. هەروەها جیاوازی چینایەتیش فاکتەرێکی ئابوری گرنگە کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە دابەش دەبێت بەسەر چەند چینێکدا ئەو چینەی کە هەمو داهات و سامان و خۆشییەکانی لایە و ئەو چینەشی کە هیچ شتێکی لا نییە ئەمەش نایەکسانی کۆمەلآیەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دیاردەی بێکاری و هەژاری و نەبونی دادپەروەری لە دابەشکردنی سامانە ئابورییەکان و قۆرخکردنیان لەلایەن گروپ و لایەنێکی دیاریکراوەوە هەیە، کە خودی ئەمەش بۆ خۆی پاڵنەری کردەی تیرۆرستین لە پێناو هێنانەدی ئامانجە ئابورییەکاندا، زۆرجاریش بێکاری و هەژاری هۆکارێکی کاریگەرە کە گروپە تیرۆرستییەکان بەکاریدەهێنن بۆ ڕاکێشانی کەسە هەژارو بێکارەکان بۆ ناو گروپ و ڕێکخراوەکانیان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. ئەمە جگە لەوەی زۆرجار سیاسەتی ئابوری وڵات لە پشتگوێخستنی هەندێک ناوچەو جیاوازیکردن لە دابەشکردنی سەرچاوەکانی سەروەت و داهات و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەرهەمەکاندا لەوانە تەندروستی، پەروەردەو فێرکردن، نیشتەجێکردن، کارەبا، ئاو،.....هتد هەروەها هەوڵنەدان بۆ گەیشتن بە پڕۆسەی گەشەپێدانی کۆمەلآیەتی و ئابوری تیایاندا. هەمو ئەمانە هۆکاری کاریگەرن بۆ جوڵەو گەشەی کردارە تیرۆرستییەکان و دەبێتە وەلآمدانەوەو کاردانەوەیەک بۆ سیاستی وڵات و لایەنی پەیوەندیدار، بۆ نمونە دەرکەوتنی کۆمەڵە تیرۆرستییەکان لە ناوچەکانی (صعید لە میصر) کە لەڕوی ئابوری و کۆمەلآیەتییەوە پشت گوێخرابون بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە.(مطر،٢٠٠٥: ٢٨).

کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین کە هۆکاری ئابوری یەکێکە لەو هۆکارانەی توندوتیژی و تیرۆر دروست دەکات لە ڕێگەی خراپی دۆخی ئابوری، و برسیکردنی خەڵک، و بەهەدەردانی سامانی گشتی، هەروەها نەڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیان، دروستکردنی بێ ئومێدی لەلای هاووڵاتیان، ئەمانە هەمویان فاکتەری ئابوری تیرۆرن و بەشدارن لە دروستکردنی تیرۆردا. بەو مانایەی کە هەمو شڵەژان و ئاڵۆزییەکی دۆخی ئەمنی کاریگەری گەورەو بنچینەیی هەیە لەسەر سەقامگیری و گەشەی ئابوری وڵات. چونکە بونی تیرۆر دەبێتە فاکتەر و هۆکارێکی کاریگەر بۆ دورخستنەوەی وەبەرهێنان چ وەبەرهێنانی بیانی یان ناوخۆیی کە ئەمانە وزەیەکی ئابوری گەورەن لەبەرەوپێش چونی ئابوری وڵاتدا.

### ٢.هۆکاری کۆمەڵایەتی:

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و زەوتکردن و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و ململانێی نەوەکان و ئاستی ڕۆشنبیری و هەڵوەشاندنەوەی بەها ئەخلاقییەکان و پاشەکشەی بەهاکان و ڕەوشت و ئەمانەت و جوامێری دەبینێتەوە. زۆرجاریش هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر دەبەسترێتەوە بە پلەی گونجاندنی کلتورییەوە لە کۆمەڵگەدا، بەو واتایەی کە هەر کاتێک پلەیەکی باڵا لە تواندنەوەی کلتوریدا هەبێت، ئەوا مەیلی چون بەلای کردەی تیرۆرستیدا کەم دەبێتەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەروەری و شوناس و کلتور و کەسایەتی گشتی و بەهاو دابونەریتەکانی کۆمەڵگە. ئەم پلەی گونجاندن و تواندنەوەی کلتورییە، دەبێتە لەمپەر لەبەردەم تیرۆرو کارە تیرۆرستییەکاندا. لەبەرئەوە تیرۆر لە کۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵدەدات کە چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی زاڵ بێت تیایدا.(العموش،١٩٩٩: ١٥١).

### ٣.هۆکاری سیاسی:

پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان سیاسەت و تیرۆردا، زۆربەی پسپۆڕانی بواری تیرۆر پێیان وایە مەبەستی سەرەکی هەر کردەیەکی تیرۆرستی لە پێناو ئامانجێکی سیاسیدایە. هەر بۆیە هۆکارە سیاسییەکان بە گرنگترین هۆکارەکانی تیرۆر دادەنرێن.(مطر،٢٠٠٥: ٢٥)

ئەمە جگە لەوەی هەندێک پێیانوایە کە سەرکوتکردنی ئازادی سیاسی و مافی هاوولاتیان و گۆڕانکاری لە ناکاو و خێرای سیاسی لە وڵاتدا هۆکاری سیاسین بۆ سەرهەڵدانی تیرۆر. هەروەها بەشدارپێنەکردنی هاوولاتیان لە بڕیارە سیاسییە گرنگ و چارەنوسسازەکانداو ناکۆکییە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان لە نێوان وڵاتانی جیهان،هۆکارە بۆ ئەوەی کە وڵاتێک ڕێبکەوێت لەگەڵ گروپ یان ڕێکخراوێکی تیرۆرستی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو.(مطر،٢٠٠٥: ٢٥-٢٦).

کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین هۆکاری سیاسی تیرۆر خۆی دەبینێتەوە لە نەبونی دیموکراسیەت، نەبونی حکومڕانی تەندروست، شکاندنی کەرامەتی هاوولاتیان و بەهەدەردانی سامانی گشتی و قۆرخکردنی و نەهێشتنی ئازادی و ڕادەربڕینی ئازاد.

### ٤.هۆکاری دەرونی:

دەرون و سایکۆلۆژیای تاک ڕۆڵی گەورەی هەیە لە کردەوە تیرۆرستییەکاندا، بەتایبەتی نەخۆشییە دەرونییەکان، ناجێگیری باری دەرونی، حەزکردن بە دەرکەوتن، هەستکردن بە پەراوێزخستن، شکست لە

کۆمەڵگەدا، هانی تاک دەدات بۆ ئەنجامدانی کارێکی توندوتیژیانە، کە ئامانج لێی سەلماندنی بونی خۆی و دەسەڵاتی خۆیەتی وەک تاک، یان زۆر جار بێزاری و خەمۆکی و ڕەشبینی کەسەکە هاندەدات بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی و خۆکوژی، واتە زیاتر پاڵنەری دەرونی تایبەتن. زۆرجاریش ویست و ئارەزوی تۆڵەکردنەوە لە کۆمەڵگەو تاکەکانی کۆمەڵگە فاکتەری سەرەکین بۆ ئەنجامدانی تیرۆر هەربۆیە هۆکارە دەرونییەکان و ناجێگیری باری دەرونی هۆکارێکی گرنگ و یارمەتیدەرێکی باشن بۆ گروپ و ڕێکخراوە تیرۆرییەکان تا بتوانن سود لەو کەسانە وەربگرن و بۆ مەرام و مەبەستی خۆیان بەکاریانبهێنن. (محب الدين، بدون سنة: ٧٧)

## ٥.هۆکاری ئایدۆلۆژی:

ئایدۆلۆژیا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە کردەوە تیرۆرییەکاندا چونکە ئەو بیروبۆچون و ئایدیاو پرەنسیپانەی کە باوەڕیان پێهێناوە هانیداون بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. کە بە تەنها ئەو ئایدۆلۆژیاو بۆچونانەی خۆیان پێ ڕاستە، لەدەرەوەی ئەوە هەر هزرو بیرێکی دیکە ڕەت دەکەنەوە، قبوڵیان نییە و دانیپێدانانێن، ئەوەندەی بۆشیان بکرێت هەوڵی گۆڕین و لەناوبردنی دەدەن.(محب الدين، بدون سنة: ٧٧)

کەواتە هۆکاری هزری و ئایدۆلۆژی و بیروبۆچونە توندڕەوەکان کە پشت دەبەستن بە هەڵە تێگەیشتن و هەڵە ڕاڤەکردندنی هەندێک لە دەقەکان هۆکاری سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی تیرۆرن.

## ٦.هۆکاری ڕۆشنبیری:

پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئاستی ڕۆشنبیری و کلتوری و تیرۆردا هەیە، بەجۆرێک ئاستی خوێندن و ڕۆشـــنبیری و ڕوناکبیری لە هۆکارە کاریگەرەکانی تیرۆرە،چونکە هەتا تاکەکانی کۆمەڵگە ئاســـتی ڕۆشـــنبیرییان بەرز بێت ئەوا کەمتر بەرەو تاوان و توندوتیژی دەچن، بە پێچەوانەشـــەوە هەر ڕاســـتە. هەروەها توێژینەوەکانی بواری تاوان ئەوەیان خســـتۆتەڕو کە پەیوەندی ڕاســـتەوخۆ لە نێوان (زانین) و (نەزانین)دا هەیە. بەجۆرێک هەتا تاکەکان نەخوێندەوارو نەزانبن و ئاســـتی هۆشـــیارییان نزم بێت، ئەوا ئاسانتر دەبنە نێچیری تیرۆرو گروپە تیرۆرستییەکان.(مطر،٢٠٠٥: ٣٢).

## ٧.هۆکاری ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندنیش وەک هۆکارێکی سەرەکی ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی تیرۆردا،چونکە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەتوانن ترس بخەنە دڵی تاک و کۆمەڵگەوە، لەو ڕێگەیەوە ئاسانتر بتوانن ئامانجەکانیان بپێکن.(سماك،١٩٩٢: ٢٢٠) کەواتە هۆکارەکانی

ڕاگەیاندن وەکو سەتەلایت و ئینتەرنێت وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە کردەوە تیرۆرییەکان و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندندا هەیە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ئامڕازانە دەتوانن لە ماوەیەکی کەم و خێرادا ڕوداوەکان پەخش بکەن و بڵاوی بکەنەوە، بەمەش ڕۆڵی کاراو گەورەیان دەبێت لە خستنەڕوی کردەوە تیرۆریەکان و بڵاوکردنەوەیان.(مطر،٢٠٠٥: ٣٣).

کەواتە دەتوانین بڵێین کە ڕاگەیاندن و دەزگاکانی توانایەکی بەرفراوانیان هەیە لە داگیرکردنی پانتاییەکی بێ سنوری دنیای ئەمرۆمانداو هەروەها ڕۆڵی کارایان هەیە لە بەرهەمهێنانی تیرۆردا. چونکە ڕاگەیاندنەکان بەهەمو جۆرەکانییەوە کار لەسەر هزرو بیروباوەڕو ئینتیمای تاکەکان دەکەن بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە بەسەردەمی سۆشیاڵ میدیاو ئینتەرنێت ناسراوەو بەرپرسیارە لەهەر توندوتیژییەک کە ئەمڕۆ بە مانا فراوانەکەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕودەدات.

کەواتە لە کۆی هەمو ئەو هۆکارانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە تیرۆرو توندوتیژی بەرئەنجامی زیاد لە هۆکار و فاکتەرێکە کە هەمویان ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤیان لەسەر لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و دەرونی و ئایدۆلۆژی و ڕاگەیاندن هەیە.

## پێنجەم: کاریگەرییەکانی تیرۆر

تیرۆر کاریگەری لەسەر کۆی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە لەوانە:

١-لایەنی ئابوری

تیرۆر بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابوری وڵات جیدەهێڵێت و ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لەسەر دارمانی ئابوری وڵات،دەبێتە هۆی کەم بونەوەی داهاتی تاک و هەروەها زیانی مرۆیی بەدوای خۆیدا دەهینێت بەوەی لە جەنگەکانی تیرۆردا ئەو تاکانەی کە توانای کارکردنیان هەیە دەبنە قوربانی و ئەمەش زیان بە ئابوری وڵات دەگەیەنێت.ئەمە جگە لەوەی وڵاتان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن و پاشانیش بۆ بنیادنانەوەی وڵات پێویستیان بە پارەیەکی زۆر دەبێت.

٢-پەیوەندی نێودەوڵەتی

تیرۆر زیان بە پەیوەندی وڵاتان دەگەیەنێت، بەشێوەیەک لەوەیە بگاتە ئاستی پچرانی پەیوەندی دیبلۆماسی و پێکدادانی سەربازی، چونکە کاتێک وڵاتێک تۆمەتبار دەکرێت بەوەی هاوکاری تیرۆرستان دەکات ئیتر پەیوەندییەکان ئاڵۆزی تێدەکەوێت.کەواتە تیرۆر زیانێکی زۆر بە پەیوەندی وڵاتان دەدات. بۆ نمونە تێکچونی پەیوەندی نێوان ئەمریکاوئێران لەسەر تیرۆر.

٣-پێکەوە ژیانی ئاشتی

تیرۆر ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییە تێکەدات،کە ماوەیەکی زۆرە گەلان بەچاوپۆشین لە ئاین و مەزهەب و نەتەوە پێکەوە دەژین بۆ نمونە لە عێراقدا چەندین ئاین و ئاینزا بەبێ هیچ کێشەیەک بەیەکەوە ژیاون، بەڵام لەگەڵ هاتنی تیرۆر ئەم بەیەکەوە ژیانە کەوتۆتە مەترسییەوە، چونکە گروپە تیرۆرستییەکان سەرجەم ئاینەکانی تریان توشی کوشتن و دەرکردن دەکردنەوە بەمەش پێکەوە ژیانی ئاشتی لەو وڵاتانەی تیرۆری لێیە توشی مەترسی دەبێتەوە.(الحسن،٢٠٠٨: ٢١٩)

٤-کەرتی گەشتوگوزار

کاتێک کردەوەی تیرۆرستی لە وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێت، یەکێک لەو کەرتانەی زیانی بەردەکەوێت کەرتی گەشت و گوزارە، چونکە کاتێک وڵاتێک بە هۆی تیرۆرەوە نائارام دەبێت ئیتر گەشتیار سەردانی ئەو وڵاتە ناکەن، بۆ نمونە لە وڵاتی تونس لە ساڵی(٢٠١٥) بە هۆی کردەوەی تیرۆرستی داهاتی گەشتیاری بەرێژەی لە (٣٥%) دابەزی. (عوسمان،٢٠٢١: ٢٠٤)

٥-کاریگەرییە دەرونی و جەستەییەکان

تیرۆر زیانێکی زۆری جەستەیی و دەرونی بەو مرۆڤانە دەگەیەنێت کە ناوچەکانیان بۆتە ئامانجی کردەوە تیرۆرستییەکان، بۆ نمونە لە عێراقدا لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣) بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی زیاتر لە (٢٠٣٣٨٨)کەس بە هۆی هێرش و تەقینەوە تیرۆرستییەکان بریندار بون ئەمانە بە جەستە بونەتە قوربانی. هەروەها تیرۆر کاریگەری خراپی دەرونی لەسەر دانیشتوان جێدەهێڵێت بە تایبەت لای منداڵان، بە شێوەیەک زۆرینەی ئەو منداڵانەی کەوتونەتە شوێنی گەرمی تیرۆر توشی چەندین کێشەی دەرونی بونەتەوە، وەک ترسان، خەمۆکی، قژهەڵوەرین، سەرئێشە، نینۆک خواردن، پەنجەمژین هەستکردن بە تەنهایی، متمانە بەخۆنەبون.(نجم،٢٠٠٥: ٥٣)

٦-تیرۆر زیان لە خەباتی جەماوەری دەدات

کاریگەرییەکی تری تیرۆر ئەوەیە کە زیان لە خەباتی جەماوەری دەدات کە گەل بۆ کۆتایی هاتنی ستەم و دیکتاتۆرییەت دەستیان پێکردوە، چونکە کاتێک خەباتێک تێکەڵی تیرۆر دەبێت، ئەوا بەبێ هیچ ئەنجامێک و بە زیانێکی زۆری مادی و گیانی کۆتایی دێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هاوکارییەکانی بۆ ئەو بزوتنەوە جەماوەرییە ڕادەگرێت، وەکو ئەوەی لە سوریا ڕویدا لە ساڵی(٢٠١١)لە کۆتاییەکەیدا بزوتنەوە

ئۆپۆزسیۆنەکە تێکەڵ بە تیرۆر بو، وەک داعش و بەرەی نوسرەو قاعیدە، بەوەش شۆڕشەکەیان بەبێ ئەنجام کۆتاییپێهات.

٧-وێرانبونی شارەکان و تێکچونی ژینگە

یەکێک لە کاریگەرییە خراپەکانی تیرۆر ئەوەیە کە ئەو شارانەی دەکەونە دەستی تیرۆرستان بە تەواوی یان بە ڕێژەیەکی بەرچاو وێران دەبن، بۆ نمونە ئەوەی لەساڵی(٢٠١٤) کە داعش بە تەواوی شاری موسڵی داگیرکردو پاشان حکومەتی عێراق لەساڵی (٢٠١٧) کۆنترۆڵی کردەوە، بەوەش شارەکە لە(٨٠%)ویران بو ژینگەکەی تێکچو.(عوسمان،٢٠٢١: ٢٠٨).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تیرۆر دەبێتە هۆی وێرانکردنی شارەکان و تێکچونی ژینگەکەی و ئاوارەبونی دانیشتوانەکەی، کە ئەمەش بە یەکێک لە زیانە قورسەکانی تیرۆر دادەنرێت.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین تیرۆر و توندوتیژی و ترس و تۆقاندن لە دیارترین ئەو کردەوە خراپانەی مرۆڤن کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و پشێوی و شێواندنی ئارامی و ئاسودەیی ناخ و دەرونی تاکەکان و ژیانی مرۆڤەکان و تێکچونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و پەل دەکێشێت بۆسەرجەم بوارو کایەکانی ژیان، چونکە تیرۆر لە خراپترینی دیاردەکانی مێژوی مرۆڤایەتییە بە گشتی و مێژوی هاوچەرخ و سەدەی بیست و یەک بەدواوە بەتایبەتی و لە دیارترینی ئەو پرس و بابەتانەیەکە زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

## دەرئەنجامەکان

لە ڕوانـگەی ئەو بنەمـا تیـۆرییەوە، کە بیرمەنـدو توێژەرەکـان لە بـواری زانسـتی کۆمەڵناسـیدا گەیشـتنە لـێ تـوێژینەوە لە واقیعـی کـۆمەلایەتی ئـاڵۆزو بەیەکـداچو، هەروەهـا ڕەگەزەکـانی پەیوەنـدییە کۆمەلایەتییەکـان و کـرداری کـۆمەلایەتی مرۆڤیـان شـیکردۆتەوەو هەوڵیانـداوە لێـی تێـبگەن و گرنگیـان داوە بە کردارەکـانی مـرۆڤ و شـیکردنەوەو ڕاڤەیـان بـۆ کـردوە، لەم توێژینەوەیەشـدا تـوێژەران هەوڵیانـداوە شـیکارێکی تیـۆری سۆسـیۆلۆژی بـۆ کـردەی تیـرۆر بـکەن بەشـێوەیەکی زانسـتی و واقیعـی لەبەر ڕۆشـنایی تیـۆری کـردەی کـۆمەلایەتی لای تـالکۆت بارسـۆنز. لە ئەنجـامی تـوێژینەوەکەوە دەرکەوت کە تیـۆری کـردەی کـۆمەلایەتی لە دیـدگای تـایبەتی خـۆیەوە دەڕوانێـتە کـردارو ڕەفتـاری تاکەکـان کە دواجـار دەکرێـت لە میـانی ئەم تیـۆرەوە لەوە تێـبگەین کە تیـرۆر وەک دیـاردەیەکی کـۆمەلایەتی لەنـاو کـۆمەڵگەدا دروسـت دەبێـت وبەرئەنجـامی چەنـدین فـاکتەرو پـاڵنەری نـاوەکی و دەرەکـین لای تاکەکـان، فـاکتەری نـاوەکی بە مانـای بـارودۆخ و پێـدراوە ناوەکییەکـان و نـاجێگیری دەرونـی تاکەکـان یـان خێزانێکـی شـلەژاو و هەڵوەشـاوە بێـت کە هاوسـەنگی لە نێـوان بەشـەکانیدا نەبێـت و پەیوەنـدی گەرم و گـوڕی نەبێـت لەگەڵ ئەنـدامەکانی

خێزانەکەیـــدا یـــان بەدەســـتی هەژاری و بێبەشـــبونی مـــادییەوە بناڵێنێـــت، پـــاڵنەری دەرەکـــیش لاوازی کەرەســـتەکانی کـــۆنترۆڵکردنی کـــۆمەڵایەتی و شـــڵەژان و خراپـــی ئەو ژیـــنگەیەی کە تیایـــدا دەژیـــت، تـــاوان و تیـــرۆر لە کـــۆمەڵگەدا بڵاودەبێـــتەوە، هەروەهـــا خراپـــی بـــارودۆخی ئـــابوری و سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی کە کاریگەرییـــان زۆرە لە کـــۆمەڵگەدا، تەواوی ئەو بـــارودۆخە بونیـــادییە دەرەکیـــانە پـــاڵ بە تـــاکەوە دەنێـــت بـــۆ ئەنجامـــدانی کـــردەی تیرۆر.هەرچـــی ئەرکەکـــانی ئەم کـــردە تیرۆریـــی و تـــاوانییەی کە تـــاک ئەنجـــامی دەدات ئەوا بەرئەنجـــامی کـــردەوەو ڕەنگـــدانەوەکانیەتی لەســـەر کـــۆمەڵگە، و ئەم تـــاوان و تیـــرۆر و لادانـــانە کـــۆمەڵگە دوچـــاری شـــڵەژان و بـــێ متمـــانەیی و نەمـــانی ئاسایشـــی کـــۆمەڵایەتی و دروســـتبونی کەلـــێن و بۆشـــایی لە بەهاوپێوەرەکـــان دەکـــات. بەمانـــایەکی دیـــکە ئەرکەکـــانی ڕوخێـــنەر دەبـــن بـــۆ ژیـــانی کـــۆمەڵایەتی و سســـتمی کۆمەڵایەتی.

## ڕاسپاردەو پێشنیار:

١-پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرجەم وەزارەتەکان و دامەزراوەو فەرمانگە گشتی و تایبەتییەکان هەوڵبدەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری تاکەکانی کۆمەڵگە، بە گرنگیدان بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەو کێشانەی کە لە هۆکاری ئابورییەوە سەرچاوە دەگرن و ڕێگا خۆشدەکەن بۆ سەرهەڵدانی تیرۆرو توندوتیژی.

٢-هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە لە ئاست تێگەیشتن لە دیاردەی تیرۆرو توندوتیژی و کاریگەریە نێگەتیڤەکانی لەسەر کردارو ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە.

٣-پەرەپێدانی سستمەکانی پەروەردە و فێرکردن، بە شێوەیەک ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردنی چەمکی ئاین و ژیان.

٤-گرنگی دان بەلایەنی ڕۆشنبیری و دروستکردنی بەهای ڕۆشنبیری،کە لێبوردەیی بهێنێتەئاراوەو تیرۆر بخاتە لاوە.

٥-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی تر لەسەر بابەتی تیرۆر و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆرو کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە.

# An Analytical Theoretical Study of Terrorism According to the Social Action Theory of 'Talcott Parsons' as an Instance of Sociological Theories

**Bakhan Ahmed Mohammed[1] - Najat Mohammed Faraj[2]**

[1+2]Department of Sociology, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The main focus of sociology is presenting the social life of people and their behaviours, whether in groups or societies. Sociology, usually, is defined as a field of research which studies the social interaction between people and their behaviours. Thus the sociological theories and scholars have given great importance to social action concept. In this study, which is an extract from a PhD dissertation, the terrorism has analysed sociologically according to the Talcott Parsons' theory of social action. Since terrorism is one of the common social phenomena around the world, it has various factors and reasons that vary according to the communities' nature of life. Terrorism, also, is a concept which used for any violent acts committed by an organization, an individual or a group. It has been experienced by humanity in many different ways throughout different eras. Therefore this study has tried to determine a theoretical framework for analysing and reviewing this phenomenon besides talking about it according to the reality of society and its most important causes and effects on the life of society and individuals. Because the Parsons' theory serves the study aims and gives us the opportunity of conducting and analysing the study in a more detailed approach, it has been utilised for the current study. The main aim of the study is to analyse the phenomenon of terrorism from the perspective of "Talcott Parsons' theory of social action as a sociological theory".

**Keywords**: Terrorism, Social Action, Sociological Theory.

## سەرچاوەکان


احمد، عبدالرحمن يسرى(٢٠٠٤) النضريه الاقتصاديه الكليه و الجزئيه، كليه التجارة جامعة الاسكندريه، الاسكندريه.

الجاسور،آ.د.ناضم عبدالواحد(٢٠٠٨)، موسوعة المصطلحات السياسية و الفلسفية و الدولية، طبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان.

الحسن،احسان محمد(٢٠٠٥) النضريات الاجتماعية المتقدمة دراسة تحليلية فى نضريات الاجتماعية المعاصرة، ط، دار وسائل للنشر و التوزيع، الاردن، عمان.

الحسن، احسان محمد(٢٠٠٨) علم العنف و الارهاب، الطبعةالاولى، دار الوائل للنشر، عمان، الاردن.

العسكرى، عبود عبدالله(٢٠٠٤) منهجية البحث العلمى فى العلوم الانسانية، الطبعةالثانية، دار النمير، دمشق.

العموش، د.احمد فلاح(١٩٩٩) اسباب انتشارات ضاهرة الارهاب، مركز الدراسات و البحوث، الرياض.

تيرنر، جوناثان(٢٠٠٠) بناء النظرية في علم الاجتماع، ترجمة محمد سعيد، مطبعة عصام جابر، ط2، الاسكندرية.

حريز، عبدالناصر(١٩٩٦) الارهاب السياسى، دراسة تحليليه، مكتبة الدولى القاهرة.

حسن، عبدالباسط محمد(١٩٨٢) اصول البهث الاجتماعى، ط٨.، دار التضامن للطباعة.

دورون، رولان و فرانسواز بارو(١٩٩١) موسوعة علم النفس، ترجمة محمد فواد شاهين، المجلد الاول، منشورات عبيدات، ط١، بيروت.

روشيه، غى(١٩٨١)علم الاجتماع الامريكى، دراسة لااعمال تالكوت بارسونز، دار المعارف، المصر.

زايد، احمد(١٩٨٣) علم الاجتماع بين نضريات الكلاسيكية و النقدية، ط٢، دار المعارف، القاهرة.

ستر، جون(٢٠١٢): تفسير السلوك الاجتماعى نحو مزيد من الانطلاق و التحديات امام العلوم الاجتماعية، ترجمة معتز سيد عبدالله، ط١.

سماك، محمد(١٩٩٢) الارهاب و العنف السياسى دار النفائس للطباعة و النشر، بيروت.

صبور، د.محمد صادق(٢٠٠٦) الارهاب فى العالم دار، الامين للطباعة والنشر، القاهرة.

عبد الكريم، محمد الغريب (١٩٨٢ ) الاتجاهات الفكريه فى نضريه علم الاجتماع المعصر المكتب الجامعى الحديث.

عبدالجواد، مصطفي خلف(٢٠٠٢) قراة معاصرة فى نضرية علم الاجتماع، مطبوعات مركز البحوث و الدراسات الاجتماعيه، جامعة المنيا، الكويت.

عبدالسلام،محمدعوض (١٩٨٦ ): الفعل الاجتماعى عند تالكوت بارسونز،دار المطبوعات الجديدة،الكويت.

عمر،د.معن خليل(بدون سنة) تاريخ الفكر الاجتماعى، وزارة التعليم العالى و البحث العلمى، جامعة بغداد.

عمر،معن خليل(٢٠٠٩)ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، وەرگێڕانی شهلا وەلی جبار، هەولێر.

عمر،معن خليل(٢٠٠٥) نظريات معاصرة في علم الاجتماع،الطبعة الثانية،دار الشروق للنشر و التوزيع،عمان،الاردن.

عوسمان،ساڵح(٢٠٢١) تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندن، چاپی سێیەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

فرج، ئارام علی(٢٠١٣) بونیادو کرداری کۆمەڵایەتی وەک دو ئاستی سەرەکی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسیدا،لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی شیکارییە لەبەر ڕۆشنایی هەندێک لە تیۆرەکانی کۆمەلناسیدا – کلاسیک – نویگەری – پاش نوێگەری، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

كينكوتش،جراهام(١٩٩٠) تمهيد في النظرية الاجتماعية تطورها و نماذجها الكبرى، ترجمةو محمد سعيد فرج، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية.

محب الدين، د.محمد مؤنس(بلا تاريخ النشر):الارهاب، مكتبة الانجلو المصرية.

مطر،د.عصام عبد الفتاح عبد السميع(٢٠٠٥) الجريمة الارهابية، دار الجامعة الجديدة للنشر، مصر.

نجم، محمد صبحى(٢٠٠٥) اصول علم الاجرام و علم العقاب، دار الثقافة للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى عمان، الاردن.

زێباری، پرۆفیسۆر دکتۆر طاهر حەسۆ(٢٠١٢): تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.